# زمانە یەکگرتووەکانی ئینتەرنێت




ئەندازیار
نزار حسن محمد
sherwani_nzar@yahoo.co.uk


چەندەها سیستەمی جیاوازی سێرڤەر (SERVER)بەشداری لە پێکهێنانی ئینتەرنێتدا دەکەن کە بە پێی جۆری ئەو زانیاری و خزمەتگوزاریانەی پێشکەشی دەکەن لەگەڵ ئەو پرۆگرامانەی بەکاردێن ، هەروەها ئەو پرۆتۆکۆلانەی پەیرەویان دەکەن لە مامەڵە لەگەڵ کردنیاندا پۆلین دەکرێن سێرڤەرەکانی هەر جۆرێکە دیاریکراویش لە نێوان خۆیاندا تۆرێکی بچوکتر پێک دەهێنن کە پرۆتۆلەکانی TCP/ IP لە چوارچێوەی ئینتەرنێتدا یەکیان دەخەن شایانی باسە کە چاوپیاخشێنەرە نوێیەکانی وێب مامەڵە لەگەڵ ئەم سێرڤەرانە دەکەن سەرەرای جیاوازیان . ئەمانەی خوارەوەش چەند جۆرێکی ئەم سێرڤەرانەن لە چوارچێوەی ئینتەرنێتدا .

## سێرڤەرەکانی FTP :

ئەم سێرڤەرانە پرۆتۆکۆڵی گواستنەوەی فایل File Transfer Protocol یاخود FTP بەکاردێنن ، بۆیە ناونیشانە (URL)ەکانی تایبەت پێیان بە کورتکراوەی (FTP)دەست پێدەکەن . لە دووتوێیاندا چەند ئەرشیڤێکی دەوڵەمەند بە ژمارەیەکی زۆر لە فایل هەیە،کەبەکارهێنەردەتوانێت بیانهێنێت (Download)بۆ کۆمپیوتەرەکەی و لە (هارد دیسک)ئەمباریان بکات . ئەم فایلانە بە زۆری پرۆگرامیان تێدایە ، بەڵام دەشێ زانیاری هەمە چەشنیان لە نمونەی : دەقەکان ، وێنە ، دیمەنەکانی ڤیدیۆ بگرنە خۆ .. شایانی باسە پرۆتۆکۆلی (FTP)رێ بە بەکارهێنەر دەدات ناواخنیەکەی ئەمبارکردن بەسەر بکاتەوە بەهەمان رێگای بەسەرکردنەوەی ناوەرۆکی دیسکەکانی عەمبارکردن لە کۆمپیوتەرە کەسی یەکەی (PC). دەکرێت ژمارەیەکی زۆر لە شوێنەکانی (FTP)لەنێو لاپەرەکانی خزمەتگوزاری (Yahoo )بدۆزێتەوە لەسەر ناونیشانی :-

http:// www . yahoo .com / Computer – and – Internet / internet /ftp

## سیرڤەرەکانی Gopher:

سێرڤەرەکانی (Gopher) لە ئینتەرنێتدا چەند سەرچاوەیەکی دەوڵەمەند بە زانیاری جیاجیا دەگرنە خۆ .. بە زۆری لە لایەن زانکۆکان و کتێبخانە گشتی یەکان سەرپەرشتی دەکرێت ، بەڵام لەگەڵ فراوان بوونی تۆری وێب لەم ساڵانەی دواییدا جەماوەرێتی روولەکزبوونە ، سێرڤەرەکانی (Gopher)کە ناونیشانە (URL)ەکانیان بە دەستەواژەی (Gopher)دەست پێدەکات ، ناوەرۆکەکانیان لەسەر شێوەی چەند لیستێکە بەناوی فایلەکان یان لیستی بچوکتر یان پێرست (index)ی گەران بە دوای زانیاریدا .. دەکرێ چەند لیستێکی دەوڵەمەند لە شوێنی (Gopher)لەناولاپەرەکانی خزمەتگوزاری (Yahoo)بدۆزینەوە لەسەر ناونیشانی :

http:// www.yahoo. com / Coputers – and – Internet / Internet / Gopher

## سیرڤەرەکانی WAIS :

سێرڤەرەکانی(WAIS)کەکورتکراوەی دەستەواژەی (Information Area Wide Server)ە خزمەتگوزاریەکانی گەران بە دوای زانیاری لە نێو ئینتەرنێتدا دابین دەکەن . (WAIS)وەک بنکەیەکی زانیاری بەش بەش کراوە کە ناوەرۆکەکانی بە پانتایی چەندین سیستمی سێرڤەرەوە بلاوبوەتەوە . کاتی گەران بە دوای زانیاریدا بە بەکارهێنانی (WAIS)یەکەم جار پێویستە لەسەر بەکارهێنەر ئەو بنکەی زانیارییە (قاعدە المعلومات)ە هەڵبژێرێت کە دەیەوێ تیایدا بگەرێت ، پاشان ئەو کلیلە وشە (keyword)یەی بە دوایدا

دەگەڕێت بدات ، ئینجا پرۆگرامی (الزبون - client)ی چا وپیاخشێنەر هەڵدەستێت بە ناردنی داواکاریەکەی بۆ سێرڤەری (WAIS)ی دەست نیشانکراو ، تا لە وشە داواکراوەکە بگەڕێت لەناو رابەرێکی تەواو بە وشەکانی ناو کتێبخانەکە ، هەروەها هەڵدەستێت بە ناردنی لیستێک بە ناونیشانی هەموو ئەو فایلانەی ئەم وشەیان تێدایە .

UseNet :-

(UseNet)خۆی لە تۆڕێکی زەبەلاحدا دەنوێنێت ، کە هەزاران لە گروپەکانی وتووێژ (مجموعات الحوار)یان گروپە دەنگوباسی یەکان news (group)ی پۆلین کراو بەپێی ی بوارەکانی خەمخۆرییان دەگرێتە خۆ .. بواری بایەخ دانی ئەو گروپ هەواڵیانەی لە (UseNet)دان ، مەودایەکی فراوان لە بابەتەکان دەگرێتەوە لە : سیاسەت و ، فیکر و ، تەکنۆلۆژیایەکانی کۆمپیوتەر و پاراستنی ژینگە،تادەگاتە چۆنیەتی بەخێوکردنی ئاژەڵە ماڵی یەکان و یاری (کریکیت)، ە دەفرە فریوەکان (الطباق الطائرة).. کاتی بەشداری کردن لە یەکێک لەم گروپە هەواڵییانە ، دەتوانیت بەشداری لە گفتوگۆی نێوان ئەندامانی گروپەکە بکەیت و راوبۆچوونی خۆت لە هەموو جۆرە بابەتێک دەربڕیت یان پرسیاریان دەربارە بکەیت ..

WWW:

(www) کە کورتکراوەی دەستەواژەی (wird wide web)ە، بۆ ئاسانیش (web)ی پێدەگوترێت، لەسەرەتای حەفتاکانەوە بە دەست پێشخەری مەڵبەندی توێژینەوەی ئەوروپی بۆ توێژینەوەکانی وزەی ناووکی (CERN)لە سویسرادا دامەزرا .



تۆڕەکە لەیەکەی بچووکی زانیاری پێک هاتووە ،هەریەک لەم یەکانە ناوی لاپەرەی وێب (web page)ی لێنراوە ، ئەم لاپەرانەش لە رێ ی (وصلات تشعبیە hyper-Links) ەوە بە یەکتریەوە بەستراون .. بەکارهێنەر دەتوانێت ئەم لاپەرانە بەسەربکاتەوە بەپێی رێبازێک کە خۆی هەڵیدەبژێرێت بەپێ ی پێویستیەکانی .. لە رۆژگاری ئەمرۆماندا لاپەرەکانی وێب جۆرەها جیاوازی ناوەندەکان (الوسائط Multimedia) لە : دەنگ، وێنە، وێنە زیندووەکان ، دیمەنەکانی ڤیدیۆ دەگرنەوە ... هەروەها ئەگەری کارلێککردن (تفاعل) لەگەڵ بەکارهێنەر دابین دەکات .. تۆڕی وێب لە هەموو شوێنەکانی تری ناو ئینتەرنێت جەماوەریی ترە و لە هەموویان خێراتر زیاد دەکات .. لە گۆڕاندایە بۆ ئەوەی ببێتە گۆڕەپانی چالاکی یە بازرگانی یەکان .

## زمانی یەکگرتووی ئینتەرنێت (پرۆتۆلەکانی TCP/IP)

لەبەر هەبوونی تێکەڵیکی هەمەرەنگ و ناڕێکی پێکهێنەرەکانی ئینتەرنێت لە کەرەستە و سیستەمە پرۆگرامی یەکاندا: لە سیستمی زەبەلاحی مینفریم (mainframe) بە جۆرەکای یەوە ، تا سیستەمەکانی کۆمپیوتەری کەسی (PC وMAC )ەوە بگرە ، بەهەڵسوکەوتە هەمە چەشنەکانی سیستمی (Unix)و هی ترەوە لەبەر ئەمانە پێویستی بە بەکارهێنانی زمانێکی هاوبەشە کە لە لایەن هەموو سیستەمە بەستراوەکان بە ئینتەرنێتەوە پەیرەو بکرێت دەبێت . ئەم زمانە هاوبەشە لە کۆمەڵێک لە پرۆتۆلەکانی پەیوەندی کردن (بروتوکولات الاتصال)کە پێیان دەگوترێت پرۆتۆلەکانی TCP/IP بەرجەستە دەبێت ... پرۆتۆلەکانی TCP/IP لە کۆتایی حەفتاکاندا لە ئەنجامی هەوڵێکی هاوبەشی نێوان زانکۆی ستانفۆرد و ئاژانسی ئەمریکی بۆ پرۆژەکانی توێژینەوە پێشکەوتووەکانی بەرگری (DARPA)یەوە پەرەیان پێدرا، بەمەبەستی بەکارهێنانی لە تۆڕی (ARPA NET)ی سەربازییدا ، کە بە باپیرەی یەکەمی ئینتەرنێت دادەنرێت .. پاشان پرۆتۆلەکانی TCP/IP درانە

پاڵ چاپە تایبەتیەکەی سیستمی یونیکس ، کە زانکۆی بیرکلی بە ناوی BSD پەرەی پێدا ... و لەبەر ئەوەی UNIX ئەو کاتە لە زانکۆکاندا بە خۆرایی دەست دەکەوت بە شێوەیەکی بەرفراوان بلاوبۆوە .. بە دەست کەوتنی پرۆتۆکۆلەکانی TCP/IP لە زانکۆکاندا ، زانکۆکانی هاندا بۆ بەستنی تۆرە تایبەتیەکانیان بە تۆری (ARPA NET)ەوە ، کە لە ئەنجامدا ئەوەی دواییان گۆڕدرا بۆ تۆری ئینتەرنێت ... ئا بەم جۆرە دەبینین کە ئەم پرۆ تۆ کۆ لا نە سەرەرای ئەوەی بریتین لە زمانە رەسمی یەکەی ئینتەرنێت،رۆڵێکی سەرەکیشیان بینیوە لە پێکهێنانیدا. ئە مر و کە پرۆ تۆ لە کا نی TCP/IP بۆ هەموو سیستمە کا نی ئیش کردن هەیە ، کە توانایی گفتوگۆ لەگەڵ یەک کردنیان لە رێ ی ئینتەرنێتەوە پێدەدەن سەرەرای جیاوازی ئەم سیستمانە لە پێکهاتە و شێوازی ئیش کردن و سیفاتی تردا . بە شێوەیەکی گشتی پرۆتۆکۆلەکانی پەیوەندی کردن ، وەسفی وردو درشتی کردارەکانی گۆڕینەوەی زانیاری لە نێو تۆرەکەدا دەکەن ، ئەمەش بە شێوەیەک دەبێت کە گەیشتنی زانیاری یەکان بە سەلامەتی بۆ ئەو شوێنانەی مەبەستیانە مسۆگەر بکرێت . پرۆتۆکۆلەکانی /TCP IP سەلامەتی گەیشتنی زانیاری یەکان بە دابەش کردنی بلۆکەکانی زانیاری بۆ گورزەی بچوک بچوک و ناردنیان بەو رێیانەی بەردەست دەکەون




لە نێو تۆرەکەدا مسۆگەر دەکەن . ئو گورزانەی زانیاری یانە لە دوو بەش پێک دێن یەکەمیان : بریتی یە لەو زانیاری یانەی مەبەستە بگوازرێنەوە و بە تەن (جسم)ی گورزەکە دادەنرێن . دووەمیشیان : چەند زانیاری یەکە پرۆتۆلەکان زیادیان دەکەن بە مەبەستی کۆنترۆڵ کردنی کردارەکانی گواستنەوە دڵنیابوون لە سەلامەتی گواستنەوەکە لە کۆتایی کارەکەشدا زانیاری یەکانی بەشی دووەم لەونەی بەشی یەکەم دادەماڵرێن . بۆ رێ نیشاندانی گورزەکانی زانیاری لە گەشتەکەیاندا بە رێگە پێچاوپێچەکانی ئینتەنێتدا ، چەند ئامێرێکی تایبەتی بە تۆری ئینتەرنێت دراوە کە پێیان دەگوترێت ئاراستەکارەکان (الموجهات)routers. فەرمانبەری ئەم راوتەرانە بە چەشنی پۆلیسی هاتوچۆ بە کورتی بریتی یە لە : وەرگرتنی گورزەکان و شیکردنەوەی ناونیشانەکانیان بە مەبەستی دەست نیشان کردنی ئاراستەکانیان و پاشان ناردنیان بۆ ئەم ئاراستانە بە باشترین رێگای بەردەست .. شایەنی باسە دەشێ گورزەکانی بلۆکێکی زانیاری چەندەها رێگای جیاواز بگرنەبەر ،

بەڵام دەبێت لە وێستگەیی کۆتایی گەشتەکەیاندا یەک بگرنەوە. ئەم کارەش پرۆتۆلەکانی TCP/IP پێی هەڵدەستن کە مسۆگەری دووبارە یەکگرتنەوەی گورزەکان بەیەک لە دوای یەکی وەک یەکەمجار دەکەن ، پێش ئەوەی بیاندەنە دەست پرۆگرامی لایەنی مەبەستدراوەوە . بۆ نمونە ئەگەر من نامەیەکی درێژ لە هاورێ یەکەوە لە ئوستراڵیاوە بەرێ ی پۆستەی ئەلیکترۆنی بەوە پێبگات دەکرێ بەشێک لە پیتەکانی ئەم نامەیە لەرێ ی سنگافورەوە ، هەندێکی تر لە رێ ی تایوان و بەشێکی تریشی لە رێ ی باشوری ئەفریقیاوە پێم گەیشتبن .. مەرجیش نی یە برگەکانی نامەکە بەرێز چەشنی دەقە ئەسڵیەکە بگەن ، بەڵکو لەوانەیە برگەی چوارەم پێش دووەم و برگەی شەشەم پێش یەکەم بگات ، کەچی لە کۆتاییدا لەسەر شاشەی کۆمپیوتەرەکەم بە ریزە یەک لە دوای یەکی بەدیار دەکەون .. کاتێک هەڵەیەکیش لە گواستنەوەی زانیاریەکاندا روو دەدات ، پرۆتۆلەکانی TCP/IP توانای دۆزینەوە و دووبارە داواکردنەوەی ناردنەوەی ئەو گورزانەی هەڵیان تێدا روودواوە هەیە ، تا کاتی دڵنیابوون لە راستیەتی زانیاری گواستنەوەکەدا .